

# سەرباری دزیکردن .. ئازادیش کرا؟

تاوان هەر پاڵنەرێکی لە پشتەوە بێت لەبەردەم یاسادا هەر تاوانە، بەڵام وا دەبێ تاوانبارێك بەمەبەستێکی ئینسانی و لە رووی سۆزی ئینسانییەوە تاوانێك دەکات تەنیا بۆ ئەوەی گیانی کەسانی دی لە مردنێکی مسۆگەر و بە ئازار رزگار بکات، ئەم کێشەیەی کە دەیخەینە روو یەکێك بووە لەو کێشانەی کە سەرەڕای بوونی بەڵگەی تەواو لەسەرکردنی تاوان لەسەر کەسێك کە ناوی (هێرش) بووە لەسەر دزینی هەندێ کەلوپەلی هاوڵاتییەك، بەڵام دواجار بڕیاری ئازادکردنی دەدرێت، ئاخۆ هۆی تاوان کردنەکە و دانپیانانی خودی تاوانباریش بە تاوانەکەی لەبەردەم بنکەی پۆلیس و دواترش هۆی ئازادکردنی تاوانبار چی بووە...؟ ئەمانە ناوەڕۆکی ئەم کێشەیەیە کە دەیخەینەڕوو.

ئا: باوکی میدیا

## مەینەتییەکانی خێزانێکی بێ باوک

(هێرش) گەنجێکی کاسبکار و دڵفراوان و چاوتێربوو، ئەو بەسروشتی خۆی مرۆڤێکی بە بەزەیی و بەرەحمم و میهربان بوو، خۆی لە خێزانێکی رێکوپێك بوو، باری داراییان مامناوەندی بوو، ئەو کوڕە گەورەی باوکی بوو، لە راستیدا بەشی زۆری ئەرکی بەخێوکردنی مامەڵەکەشیانی لەسەر شان بوو(هێرش) برادەرێکی زۆر نزیکی (جەمیل) بوو، زۆربەی ئێواران بەیەکەوە دادەنیشتن و کاتیان بەسەر دەبرد، لە زۆر ئاکار و خووەوە هاوبەش بوون و لەیەك نزیك بوون، ئەوان برادەری منداڵی یەك بوون... ئێوارەیەك کە هەر وەك جاران یەکتریان دەبینی (جەمیل) گەیشتە لای (هێرش) پێکەوە دانیشتن، با بوار بدەینە جەمیل بەخۆی گفتوگۆی ئەو ئێوارەی نێوان ئەو دوو برادەرە و سەر ئەنجامەکەیمان بۆ بگرێتەوە(جەمیل) بەمشێوەیە گفتوگۆ و بەسەر هاتەکانی دواتری بۆ گێڕاینەوە و گوتی:

کات دوای نیوەڕۆ بوو کە ئافرەتێکی تەمەن نزیکەی (٤٠)ساڵی هاتە ئەو گازینۆیەی کە هەندێ ئێواران دەچووین لێی دادەنیشتین و چایەکەمان لێی دەخواردەوە، منداڵێکی یەکساڵانی بە کۆڵەوە بوو، دیار بوو کە سواڵکەر نەبوو، بەڵام زۆر پەرێشان و نابووت بوو، لە خاوەن گازینۆکە نزیك بۆوە بۆ ئەوەی شتێکی پێبدات، بڕێك شەکر و چا، بیداتە منداڵەکانی، کابرای خاوەنی گازینۆش بە خێری خۆی گوتی: کەمێك بووەستە من هەر کە چاوم بەو ئافرەتە کەوت دڵم پڕبوو، چاوم پڕ ئاو بوو، هێرش سەیری کردم و لێی پرسیم، چی بووە چییە وا تێکچووی بۆ وا چاوت پڕ فرمێسکە؟

منیش بەدەست ئاماژەیەکم بۆ لای ئافرەتەکە کردوو و گوتم دە سەیری بکە ئاخر هەقم نییە چاوم پڕ گریان بێت، کە( هێرش) ئاوڕی دایەوە و تەماشای سەروسیمای ژنەکەی کرد، ئەویش وەکو من چاوی پڕ ئاو بوو، گریان لە قوڕگی مابوو، ئەوەتا نەبوو، بەدەنگ لە هوڕژمی گریان بدات، بەیەکەوە مات و مەلوول داماین و تا دەمێك هیچمان بۆ نەگوترا، هەر یەکەو شتێك پارەمان دەرهێنا بیدەینە ژنەکە، لێی نزیك بووینەوە بیدەنێ و، پێمان گوت: هانێ ئەوەندەمان لێوەرگرە بەشتێکی بدە بۆ منداڵەکەت، ژنەکە بەدەنگێکی کرۆڵەوە سوپاسی کردین و لێمانی وەرنەگرت و پێی گوتین کە سواڵکەر نییە، ئێمەش هێندەی دیکە تەریق بووینەوە و هێندەی دیکەش دڵ پڕ خەفەت بووین و چشمان لەدەست نەدەهات، ئێمە بڕیارماندا کە بەدوای ژنەکەدا بڕۆین بزانین ماڵ و حاڵی لە کوێیەو چۆنە، چاوڕێمان کرد تا خاوەن گازینۆکە بڕە چایی و شەکرەکەی بە شاگردێك بۆ ئامادەکرد و پێی

دا و ژنەکە بە کەساس و پەژارەییەکەی خۆیەوە ملی ڕێگەی گرت تا گەیشتینە شوێنێك کە دوو منداڵی چوار پێنج ساڵانی لێبوو، بە تەنیا بەجێی هێشتبوون، دنیا سارد و بایەکی وشك و تا بڵێی ساردیشی دەهات، ژنە بەخۆی و بە منداڵەوە لە کەلاوە خانوویەك دەژیان کە تەنیا یەك ژوور و حەوشێکی بچووك بوو،

گەڕاینەوە، هەردووکمان دڵ بەخوێن و چاو بە گریان بووین، چی بکەین و چۆن بتوانین یارمەتی ئەو ژنە داماوە و منداڵە برسییەکانی بدەین، ئەو ژنە بۆ وا بێکەس و بێ دەرتان و بێ نەوایە...؟ ئەوە ئەو پرسیارانە بوو کە هەر لە خۆمانمان دەکرد.

## نەخشە دانان بۆ یارمەتیدانی ئافرەتەکە

(جەمیل)خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی خۆی و هاوڕێکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە و بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە و دەڵێ:

ئەو شەوە هەر خەریکی ئەو بابەتە بووین، هەردووکمان زۆر کاریگەر و خەفەتبار بووین بە بارودۆخی خراپی ئەو ژنە و منداڵە بێنازەکانی، لە پڕ(هێرش) گوتی:

راوەستە(جەمیل) چارەسەرەکەم دۆزییەوە، هاوسێیەکمان هەیە دوو ژنی هەیە، پیاوێکی دەوڵەمەند و خاوەن ئیمکانیاتە، دووماڵیشی هەیە، جار جارە ماڵێکیان کە هی ژنە بچووکەکەیەتی بۆ چەند ڕۆژێك چۆڵ دەبێ، وا بزانم ژنەکە منداڵی نییە و ناوە ناوە دەچێتەوە ماڵی باوکی و خانووەکە چۆڵ دەبێ، هەر چۆنێك بێت، کابرای مێردی بەوە دەناسم کە نەمامگەیەکی هەیە و نزیکی ماڵمانە و ئەو وردە زانیاریانەم لە کرێکارێکی نەمامگەکە زانیووە، با تاقیبێکی بکەم، بەڵکو بتوانین هەندێ زەخیرە و خۆراك لە ماڵی ئەو کابرایە ببەین بۆ ئەو ژنە داماوە، من شتەکەم پێ باش بوو بەڵام پێشم ڕەوا نەبوو، بگرە ترسیشم لێی هەبوو، بۆیە ناڕازی بووم لەسەر ئەوەی بچینە ماڵی ئەو کابرایە و زەخیرە و کەرەستەی خواردنی لێی ببەین،؟ چونکە ئەگەرچی ئێمە دەشڵێین دەیبەین، بەڵام بەخۆی دزییە، پاش گفتوگۆیەکی دوور و درێژمان کرد و ڕازی بووم و گوتم ئەگەر بشگیریم هەر دەڵێم کردووە و ئەوەش ئامانجەکەم بووە..

## چوونە ناوماڵ بۆ هێنانی ئازووقە

(جەمیل) بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەکەی و دەڵێ:


نیوەڕۆ بوو کە من و (هێرش) چووینە نزیك ماڵەکە(هێرش) گوتی:( جەمیل) من بە تەنیا دەچمە ژوورەوە و پێویست ناکات هەردووکمان بچین، با هەڵەیەك روونەدات و دواتر بکرێینە دز.. گوتم باشە، منیش لەبەر خەڵك نزیکەی سەد مەترێك دوور کەوتمەوە(هێرش) بەسەر دیواری ماڵەکە کەوت وخۆی هەڵدایە ناو حەوشەکە و لەوێشەوە چووە ژووری متبەخەکە، دیار بوو، شەکر و چاو و رۆن و برنج و کۆمەڵێ کەرەستەی تری خواردەمەنی کۆکردبۆوە، کەرەستەکانی لە ناو ژوورەکە دەرهێناو هێنایە ناو حەوشەکە، ئەوەندەم زانی ئۆتۆمبیلێك لەبەردەم دەرگای ماڵەکە راوەستاو کابرایەك هاتە خوارەوە کە دیقەتم دا زانیم خاوەن ماڵەکەیە، زۆر شپرزەبووم نەمزانی چی بکەم، ئەوەبوو تا نزیکەی دە خولەك یان پتر لە ژوورەوە بوون، ئیتر ئۆتومبیلێکی پۆلیسیش گەیشتە ئەوێ و ئەفسەرێك و دوو سێ پۆلیس لێی هاتنە خوارەوە و پاش چەند خولەکێك (هێرش) یان هێنایە دەرەوە بە دەست کەلەپچە کراوەییەوە، ئینجا تازە کار لە کارترازاوە، تەکسیەکم گرت و بە دوای ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس دا چوومە بنکەی پۆلیسەکە، دیار بوو ئەفسەری لێکۆڵینەوە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لەگەڵی و منیش چوومە ژووری ئەفسەرەکە و خۆم پێناساند(هێرش) کە چاوی پێمکەوت پێی سەیر بوو، گوتم جەنابی ئەفسەر ئەگەر لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو دەکەی و دەیهاوێیتە بەندیخانە ئەوە دەبێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ منیش بکەی و منیش دەستگیر بکەیت، ئەفسەرەکە سەری سورماوە بەدیقەتەوە تەماشای کردم، کابرای خاوەن ماڵیش سەری سوڕمابوو، مەسەلەکەم بە دوور و درێژي گێڕایەوە و دووپاتم کردەوە کە نەبۆ دزیکردن و نەبۆ هیچ مەبەستێکی تر نەچووینەتە ناو ئەو خانووە، تەنیا بۆ هێنانی هەندێ کەلوپەلی خۆراك بووە ئەویش بۆ ئەو ژن و منداڵە بێ سەرپەرشتە بووە کە بینیومانە...(هێرش)رووی لە کابرای خاوەن ماڵ کردوو گوتی: کاکی برا، ڕەنگە کارەکەمان هەڵەبێ کە بە دزی و بەبێ پرسی تۆ و لەسەر دیوارەوە خۆمان هەڵدابێتە ماڵەکەت، بەڵام خوا دەزانێ نەمەبەستمان دزیکردن بووە نە دزیش دەکەین و نە هیچ مەبەستێکی دیکەمان هەبووە، تەنیا ویستوومانە یارمەتییەکی ئینسانیانەی ئەو ژن و منداڵانە بدەین و بەس..

کابرای خاوەن ماڵ کە سەرەتا توووند و ڕژد بوو لەسەر گرتنی (هێرش) و پاشان منیش بەڵام کە مەسەلەکەمان روون کردەوە گوتمان وەرە با ئەو خێزانە کلۆڵەشت پێنیشان بدەین ئەگەر وابوو ئەوا بۆت دەردەکەوێت ئێمە دزنین، ئەگەر واش نەبوو با پۆلیس هەر لەوێ دەستمان ببەستن و دەستگیرمان بکەن ئیتر هەمووومان، من و(هێرش) و خاوەنی ماڵ و پۆلیس چووینە ماڵەکە و ژنەکە و منداڵاکانیان بە چاوی خۆیان دیتن و کابرا ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد، بەراستی هەموویان داخبار و دڵتەنگ بوون بۆیان، کابرا هەر ئەو ساتە رووی لە ئەفسەرێکە کرد و پێی گوت: کاکە ئەو دوو کەسە ئازاد بکە و هیچم نییە لە دژیان خوا خێریان بنووسی ئەوە ئازووقەیەش کە لە حەوشەکەیە بەخۆم بۆ ئەم خێزانەی دەهێنم! کابرا کە چاوی بە خێزانە کلۆڵە کەوت چاوی پڕ گریان بوو، پرسیاری ئەوەی لێکرد کوا مێردی، کەسوکاری؟ ژنە هەر هێندەی گوت: کە مێردەکەی بە نەخۆشی مردووە و کەسیش خۆی لێنەکردۆتە خاوەن و ئەو منداڵانەش بە ئیش کردن بۆ ماڵان بەخێودەکات و کابرایەکیش لە راهی خودا ئەو ژوورەی پێداوە و کرێی خانووی لێوەرناگرێت، خاوەنی ماڵەکە گوتی: ئەگەر پێتخۆشە هەر ئێستا دەتبەمە ماڵی خۆم و هەر لە ناو باخچەی ماڵەکەم کە گەورەیە دوو ژوورتان بۆ دەکەم و سەرپەرشتی پاك ڕاگرتنی ماڵەکەم بکە و مووچەیەکی مانگانەشت بۆ دەبڕمەوە و خواردن و خواردنەوە و ئازووقەشتان لەسەر من....

کە کابرای خاوەن ماڵ ئەو قسانەی کرد بەڕاستی هەمووومان دڵخۆش بووین، ئیتر ژنەکەمان بەجێهێشت و ئێمەش چووینەوە بنکەی پۆلیس و ئەفسەرەکە گوفتاری پێشووتری خاوەن ماڵەکە کە خەریك بوو سکاڵا لە دژي هێرش و پاشان کەم منیش چووم لەسەر منیش تۆماربکات هەمووومان دڕاند و بەڕێی کردین و ئێمەش بە دڵێکی خۆش و ویژدانێکی ئاسوودەوە لە بنکەی پۆلیس دەرچووین، بەڵام بڕیاریشماندا جارێکی تر بڕیاری وا ترسناك نەدەین ئەگەرچی لە پێناو مەبەست و ئامانجێکی ئینسانیش بێت....

●●●
**ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس گەیشتە ئەوێ، ئەفسەرێک و دوو پۆلیسی لێ هاتە خوارەوە، پاش چەند خولەکێک هێرشیان بەدەست بەستراوی هێنادەرەوە**
●●●

●●●
**دوای ئازادکرنمان لە بنکەی پۆلیس بڕیارماندا جارێکی دیکە بڕیاری وا ترسناک نەدەین، ئەگەر لە پێناو مەبەست و ئامانجێکی ئینسانیش بێ**
●●●



# ئاوازی زەنگی مۆبایل گوزارشت لە کەسایەتی مرۆڤ دەکات؟

چ ئاوازێکت لەسەر زەنگی مۆبایلەکەت داناوە؟ لەبەرچی؟ ئایا تاچەند ئاوازەکە رەنگدانەوەی ژیانی خۆتە و لەگەڵ هەستت دەگونجێت؟ چەند پرسیارێکی لەم شێوەیەمان ئاراستەی کۆمەڵێك کچ و کوڕ کرد بۆ زانینی نهێنی هەڵبژاردنی ئەو ئاوازەی کە لەسەر زەنگی مۆبایلەکانیانە.

ئا: هێمن قەسرەیی

لەســـەرەتادا (باران)ی تەمەن ٢٦ ساڵ بەمشێوەیە وەڵامی پرســـیارەکانی دایەوە"من چەند ئاوازێکی جیاجیا لەســـەر مۆبایلەکـــەم دادەنێـــم، هەندێـــك لەو کەســـانەی لای من گرنگی زیاتریان هەیە یان لەوانەی تر یان خۆشەویســـتترن و زیاتـــر پەیوەندیم پێوە دەکەن ئاوازی تایبەتیم بۆ داناون. بۆ خۆشەویســـتەکەم ئاوازێکی زۆر هێمنم داناوە کە هەر کاتێك گوێم لێی دەبێت هەست بە ئارامی دەکەم و حەزدەکەم بەردەوام گوێم لێی بێت. بەشێوەیەکی گشتی حەزم لە ئاوازی هێمنە و زیاتر ئامێرە مۆســـیقییەکانی وەك فلـــوت و پیانۆ و یان دەنگـــی باڵندە و هاژەی ئاو دادەنێـــم. من زوو زوو ئاوازی مۆبایلەکەم دەگۆڕم، چونکە حەزدەکەم گوێچکەم بە ئاوازی جیا جیا ئاشنا بکەم".

(ڕێبوار) تەمەنی ٢٩ ســـاڵە، ئەو گۆرانیی (لەپەنجەرەی ژوورەکـــەم) ی (عەدنان کەریم)ی دانـــاوە وەك ئاوازێك بۆ زەنگی مۆبایلەکەی، کە هـــۆی هەڵبژاردنی ئەو ئاوازەمان لێ پرسی گوتی" مۆسیقای گۆرانییەکە زۆر ئارامە، نابێتە هۆی بێزارکردنی خۆم و دەوروبەرم لەبەر ئەوەی بەرز و نزمی تێدا نییە، من حەز لەدەنگی ئەو هونەرمەندە دەکەم، ئەمەش هۆیەکی ترە".

خاتوو زینە تەمەن ٢٠ ســـاڵ ئـــەم ماوەیە زۆر تامەزرۆیە بـــۆ ســـەیرکردنی درامایەکـــی تورکی بۆیە مۆســـیقای ئـــەو درامایـــەی لەســـەر زەنگـــی مۆبایلەکـــەی داناوە، زینە ئەوەشـــی بـــاس کرد کەلەکاتـــی بڵاوبوونەوەی گۆرانیەکی نوێ کە بە دڵی خۆی بێت ئەوا وەك زەنگـــی مۆبایلەکەی دای دەنێت.

(مەریـــوان) ٢٤ ســـاڵ بـــەم شـــێوەیە قســـەی کرد" گۆرانییەکی هونەرمەندێکی بەریتانیم لەسەر مۆبایلەکەم دانـــاوە کە کچـــە و نـــاوی (ریهانا)یە، هۆی هەڵبژاردنی ئـــەو گۆرانیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کچەکە دەنگی زۆر خۆشـــە و گۆرانیەکەش زۆر رۆمانســـیە" " گۆرانیەکی (هەیســـەم یوسف)م داناوە لەبەر ئـــەوەی حەز لـــە دەنگی ئەو هونەرمەنـــدە ئەکەم و ئاواز و هۆنراوەکە زۆر بەمانایە و لەگەڵ ئەم ســـەردەمە دەگونجێت بەتایبەتی کاتێك ژیان و گرفتی گەنجانی ئەم سەردەمە باس دەکات و بەشێوەیەکی جوان پەیوەندی کچ و کوڕ لەکەشێکی رۆمانسی دەخاتە ڕوو" ئەمە قسەی (ئاسوودە)ی تەمەن ٢٢ ساڵ بوو. بەپێچەوانەی ئەوانەی پێشتر قسەیان کرد، (سالار) کە تەمەنی ٢١ ساڵە گوتی" زەنگی نۆکیای ئاساییم لەسەر مۆبایلەکەم داناوە. ســـەبارەت بەوەش کە بۆچی گۆرانیەکم دانەنـــاوە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتـــەوە کە دانانی گۆرانی بە ڕای من بۆتـــە عەیب، بۆیە زەنگێکی ئاســـایی لای من خۆشترە لەگۆرانییەك"

کچێکی تر بەناوی (دارین)، ٢١ ساڵ بەم شێوەیە قسەی بۆ کردیـــن" گۆرانیەکی (ئەژدەر وەهبی ) بەناوی لێم ببورە وەك ئاوازی مۆبایلەکەم داناوە هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گۆرانییەکـــە زۆر ئارامە و خۆشـــە. مـــن زوو زوو ئاوازی زەنگی مۆبایلەکـــەم دەگۆڕم پێش ماوەیـــەك گۆرانیەکی (موعین) بوو، لەوانەشـــە لەچەند ڕۆژی تر دا گۆرانیەکی تر دابنێم. مەرج نییە گۆرانییەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆم بن بەڵام حەزم لە کامیان بێت دایدەنێم"

گەنجێکی تر بەناوی (نوری)،٢٢ ســـاڵ دەڵێت" ماوەیەك پێش ئێســـتا گۆرانیەکی (ئەلیســـا)م دانابـــوو بۆ زەنگی مۆبایلەکەم، ئێستاش گۆرانیەکی کوردیم داناوە کە دەڵێت(پێم دەڵێن فەرمووتە شـــێتم)، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گۆرانیەکە لە ژیانی خۆمەوە نزیکە". (شـــلێر) تەمەنی ٢٢ ســـاڵە، ئەو گۆرانیەکی ئارامی لەسەر مۆبایلەکەی داناوە لەکاتی زەنگ لێداندا، هۆیەکەشـــی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە گۆرانیەکەی زۆر پێ خۆشـــە و جیاوازە لەگەڵ کەســـانی دەوروبەری، حەزدەکات بەردەوام جیاواز بێت. (محەمەد) ٢٣ ساڵ بەم شێوەیە وەڵامی پرســـیارەکانی دایەوە"مۆسیقایەکم داناوە کـــە لەگۆرانییەکی عەرەبی وەرگیراوە و زۆر هێمنە. ئامێری مۆسیقایەکە کەمانە منیش زۆر حەزی لێدەکەم، بۆیە ماوەیەکی زۆرە وەك زەنگی مۆبایلەکەم داناوە بەنیازیش نیم بیگۆڕم. من حەزدەکەم گوێم لە مۆسیقا و گۆرانی خەمناك بێت هەر ئەمەش وای لێ کردم ئەو ئاوازە هەڵبژێرم"

توێژینـــەوە نوێیـــەکان دەری دەخـــەن کە ئـــاوازی مۆبایل ڕەنگدانەوەی ژیانی کەســـەکەیە، لەو ڕێگایـــەوە دەتوانین کەسایەتی و ئارەزووەکانی بزانین بە بێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پرسیاری لێ بکەین، بەپێی توێژینەوەیەك کە لەلایـــەن ژمارەیەك پســـپۆری دەروونناســـی ئامادەکـــراوە دەرکەوتـــووە کـــە دەتوانرێـــت کەسایەتی زۆر کەس بزانین لەڕێگای ئەو ئاوازەی کە بۆ زەنگی مۆبایلەکانیان دای دەنێن.

یەکێك لە دەروونناسەکان دەڵێت" هەندێك کەس ئاوازی جیاواز لە کەســـانی تر دادەنێن بۆ زەنگی مۆبایلەکانیان، بـــۆ ئەوەی جیـــاواز دەربکەون لەگـــەڵ دەوروبەرەکەی بۆنموونـــە ئاوازی رۆمانســـی دادەنێن کـــە پەیوەندیی بـــە ژیانی خۆیەوە هەیـــە و ئاوازەکە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە کە تێیدایە"





●●●
**توێژینەوەیەکی دەروونناسی دەریخستووە کە دەتوانین کەسایەتی زۆرێک لە خەڵکی بزانین لەرێگەی ئەو ئاوازانەی بۆ زەنگی مۆبایلەکانیان دایان ناوە**
●●●

●●●
**کچێک:**
**من چەند ئاوازێکی جیاجیام لەسەر مۆبایلەکەم داناوە، هەندێ لەو کەسانەی گرنگن لام ئاوازی تایبەتیم بۆ داناون**
●●●

●●●
**کوڕێک:**
**ئێستا دانانی گۆرانی وەک ئاوازی مۆبایل بۆتە عەیب، بۆیە بەلای منەوە زەنگی ئاسایی هاندەکە جوانترە**
●●●

## لە نێو فایلەکانی دادگاوە

# کێ (نەسرین)ی لاقەکرد؟



کچە بەسەر و پۆتەڵاکێکی تێکئالاو و سەروسیمایەکی شێواوەوە دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ چووە بنکەی پۆلیس، کە گەیشتە ئەوێ داوای لە پاسەوانەکەی بەر دەرگاکرد ژووری ئەفسەری بنکەی نیشان بدا

ئا: باوکی میدیا

## تۆمارکردنی سکاڵا

(نەسرین) تازە پێی نابووە تەمەنی (١٦) ساڵی، کچێکی تا بڵێی جوان و نازەنین بوو، ئەو ئەگەرچی جلێکی ئاسایی لەبەر دابوو، بەڵام باری دارایی ئێستایان زۆر باش بوو، بەتایبەتی پاش ئەوەی دایکی دووبارە مێردی کردبۆوە، کچە بەسەر و پۆتەلاکێکی تێکئالاو و سەروسیمایەکی شێواوەوە دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ چووە بەردەم بنکەی پۆلیس، کە گەیشتە ئەوێ لە پاسەوانەکەی بەر دەرگای پرسی، کە پیاوێکی تا ڕادەیەك بە تەمەن بوو بەڵام بەسەر و سیمایەوەی دیار بوو کە هێشتا حەزی لێیە وەك پۆلیس لە وەزیفەدا بمێنێتەوە و خانەنشین نەکرێت، (نەسرین) داوای لێکرد کە ژووری ئەفسەری پیشانبدا، ئەویش پێی گوت: ئەفسەرت بۆ چییە؟ (نەسرین) یش گوتی: دەمەوێ شکایەت لە زڕباوکەکەم بکەم و بە گرتنی بدەم، پاسەوانەکە گوتی: بڕۆ ژوورەوە بەلای راستدا بڕۆ، پرسی کام ژوورە؟ گوتی:(ئەوەی لە گۆڕی باوکمە)، ئاخیر زەمانە ئاخیر زەمانی دنیا چی بەسەر هاتووە خودایە، ئاخر بڵێ تۆ بۆ شکایەت لە زڕباوکت دەکەی، چ جیاوازی لەگەڵ باوکت هەیە، جاران کێ لە ئێمەمان دەمانوێرا لەبەردەم باوکمان سەریشمان بڵند بکەین، ئێستاش تەماشا بکە دنیا چی بەسەر هاتووە.

(نەسرین)بە قسەی پاسەوانەکە بەلای راستدا رۆیی و دەرگای ژوورێکی بینی، یەکسەر چووە ژوورەوە، بە دەنگێکی نزمی لەرزۆکەوە بە ئەفسەرەکەی گوت: دەمەوێ شکایەت لە زڕباوکەکەم بکەم و بە گرتنی بدەم، ئەفسەرەکەش پرسی بۆ؟ لێتی داوە؟ کچەکە خۆی پێنەگیرا و دەستی بە گریان کرد، ئەفسەرەکە تۆزەك هێمنی کردەوە و لەسەرخۆ لێی پرسییەوە لە دایکتی داوە؟ یان دەری کردووی؟

کچەکە گوتی: نەخێر لێمانی نەداوە ، دەستدرێژی لێکردووم، ئەفسەرەکە گوتی: کوا ئەو شوێنەی کە لێتی داوە کوێندەرتە؟ کچەکە گوتی: دەستدرێژی کردۆتە سەرم و لاقەی کردووم، ئەفسەرەکە بە وشەی (لاقە) داما و قورگی وشك بوو، ساتێك دۆش داماو بەبێ دەنگییەوە تەماشایەکی کچەکەی کرد، پاش دەمێك تێڕامان لێی پرسی: چیتر؟ کچەکەش گوتی: دەمێکە دەستدرێژی دەکاتە سەرم و یەکەمجاری نییە، ئەفسەرەکە گوتی: لەسەرخۆبە، پێش ئەوەی قسەکانت وەرگرم ناوی تەواو و تەمەنت و ناونیشانی ماڵەکەتانم پێ بڵێ؟ کچەکە گوتی: ناوم(نەسرین)ە، و باوکم ناوی (س)ە و ماڵمان دوو کۆڵان لە پشت بنکەکەتانە، نزیك باخچەی گەڕەکێکین، ئەفسەرەکە کە ئەوانەی تۆماکرد، ئینجا داوای لێکرد تەواوی کێشەکەی خۆی بگێڕێتەوە ئەویش گوتی: چوار ساڵ دەبێ باوکی خۆم مردووە ، دایکم دوای سێ مانگ لە مردنی باوکم مێردی بە پیاوێکی دەوڵەمەند کرد کە ئێستا مێردییەتی، ئەو زڕباوکەم پیاوێکی مەی خۆرە و زۆربەی شەوان بەسەرخۆشی دەگەڕێتەوە ماڵەوە پیاوێکی زل و زەبەلاح و بە خۆوەیە و دەست و باسکێکی بەهێزی هەیە.

ئەو رۆژەی دەستدرێژی لێکردم چاکم لەبیرە، دایکم و دوو براو خوشکەکەی ترم بەسەردان چووبوونە ماڵی خاڵم و من بە تەنیا مابوومەوە لە ماڵ، زڕ باوکم بە نیمچە سەرخۆشییەوە بە نیوەڕۆ هاتەوە ئەوەندەی نەخواردبۆوە، کە قسەی هەلەق و پەلەق بکات یا نەترە بکات، وەکو دەڵێن تەنیا مەست ببوو، پێی گوتم: کوا دایکت گوتم لەگەڵ خوشك و براکانم چوونەتە ماڵی خاڵم، دوای ئەوە بانگی کردمە ژووری نووستنی خۆی و دایکم و لەوێ بە زۆر پڕی دامێ.... دیسان(نەسرین) دەستی بە گریان کردەوە و لەوەندەی کە گێڕایەوە وەستا و چیتری پێنەگوترا، ئەفسەرەکە لێی پرسییەوە باشە دوای ئەوەی بە دایکت و براکانت و خوشکت نەگوت؟ (نەسرین) گوتی: نەخێر، لە زڕ باوکەکەم دەترسام، ئەویش ئەو ترسەی منی قۆزتەوە و پاشان چەند جارێکی تریش وایلێکردمەوە، هەر جارێکیش کە دایکم و خوشك و براکانم دەچوونە ماڵی خاڵم، ئەو دەرفەتەی دەقۆزتەوە ،سێ رۆژ پێش ئێستاش والێکردمەوە ، دوێنێ بە دایکم و خوشك و براکانم گوت: ئەوان باوەڕیان پێنەکردم ، نازانم ، هیچیان لەگەڵ نەکرد و نەگوت، مەسەلەکەیان لەگەڵ یەك باس دەکرد، ئەورۆ چیتر خۆم پێنەگیرا بۆیە هاتمە ئێرە، بەڵکو ئێوە بتوانن لەو کردەوەیەی رابگرن و بیگرن.

ئەفسەرەکە گوتی: کوا زڕ باوکەکەت ئێستا لە کوێیە، ئەویش گوتی: لە دوێنێوە چۆتە شاری (بەغدا) هەفتەیەکی تر دەگەڕێتەوە ئەفسەرەکە گوفتارەکانی نووسیەوە و دۆسییەکی بۆ کردەوە، بە کچەکەی گوت: بە کەس مەڵێ هاتوویتە ئێرە، کە باوکت هاتەوە، وەرەوە ئاگادارم بکەوە ئێستاش هەستە بڕۆوە ماڵی خۆتان، کچە هەستا و ئەویش فایلەکانی خستە ناو دۆلابەکە و کلیلی دا.

## دەستگیرکردنی زڕ باوک

هەفتەیەکی پێچوو، زڕ باوکەکە(س) هاتەوە، کە هاتەوە وەختەکەی درەنگە شەو بوو، (نەسرین) ئەو شەوە خۆی کڕکرد و بەیانییەکەی چاوەڕێی کرد زڕباوکەکەی بچێتە دەرەوە نیوەڕۆ بێتەوە ماڵەوە ئەوکاتە بچێ ئاگاداری ئەفسەرەکە بکات، وا بوو زڕباوکە کە بەیانی لە ماڵ دەرچوو، نیوەڕۆ هاتەوە و دایکی ( نەسرین) پاش تاوێك پشوودان، نانی نیوەڕۆی لەبەردەم دانا، دوای نیو کاتژمێر، لە دەرگادرا، بینی (نەسرین) سێ پۆلیس و ڕێپێدراوێکی لەگەڵ خۆی هێناوە، داوایان لێکرد لەگەڵیانە بچێتە بنکەی پۆلیس، ئەویش داوای دەرفەتی لێکردن تا خۆی دەگۆڕێ، لەو ساتانەشدا بەردەوام پرسیاری لە مێشکدا دروست دەبوو بنکەی پۆلیس بۆ؟ چ کاریان بە من هەیە و چیم کردووە؟ (نەسرین)چ دەکا لەگەڵیان و بۆ بەگەڵیان کەوتووە؟، کاتی ئەوەنەبوو ئەو پرسیارانە لە زاری بێتە دەرەوە، پۆلیسەکان ئەو بوارەیان پێنەدا، کە ئامادەبوو، چۆوەلای پۆلیسەکان و گوتی: فەرموون، ڕێپێدراوەکە کە لەپچییەکی لە دەست کردوو بردیانە بنکەی پۆلیس، نزیکەی دوو کاتژمێر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا، ئەفسەری لێکۆڵینەوە ناردی بەدوای دایك و دوو براکەی، ئەوانیش قسەکەی (نەسرین)یان دووپات کردەوە و گوتیان(نەسرین) ئەوهای پێگووتینە، بەڵام کەس لە ئێمە بە چاوی خۆی نەیدیتیە، گوفتارەکانیان تۆمارکرا(س) ی زڕ باوکیان لە ژوورێکی بنکەی پۆلیس توندکرد و(نەسرین)ی لای خۆی لە ژوورەکەی خۆی گل دایەوە و فەرمانی کرد دۆسییەکەی بنێردرێتە لای دادوەری لێکۆڵینەوە، دادوەر کە سەیری دۆسییەکەی کرد، تۆزێك راما و بە وردی بە گوفتارەکاندا چۆوە و فەرمانی کرد(نەسرین) و(س)ی، زڕ باوکی بە نۆرە لەبەردەمی ئامادە بکەن، یەکەمجار(نەسرین) یان بردە بەردەم دادوەر، چی لە پێش ئەفسەرەکە گوتبوو، هەمان شتی دووبارە کردەوە، ئەویان

بڕیارەکەی دادگای پێداچوونەوە بەس بوو تا ئەو خێزانە هەڵبووشێتەوە و هەریەکەی بەلایەکدا سەرگەردان بێت و نەسرینیش لە چاو تروکانێکدا بزربوو

بەرێکرد، ئینجا (س)ی زڕ باوکی بردرایە بەردەم دادوەر، دادوەر پرسیاری چۆنییەتی ئەنجامدانی کارەکەی لێکرد و داوای لێکرد بە باشی و بە جوانی روونی بکاتەوە(س)یش گوتی: جەنابی دادوەر گوناهتان دەگاتێ، ئەو تۆمەتەتان خستۆتە پاڵ من، چۆن شتی وا دەکەم؟ ئاخر نازانم ئەو بێویژدانانە بە چ حەقێك بوختانی وا گەورەم بۆ هەڵدەبەستن، لێرە دادوەر لێی پرسی : ژن و زڕ کوڕەکانیشت دووپاتی قسەی ئەو دەکەنەوە؟ (س)یش گوتی: گەورەم من ئەو ژنەم بە بێوەژنێتی خواستووە هەم لەبەر ئەوەی خۆم لە تەمەنێکم هی ئەوە نیم کچێکی بیست ساڵی بخوازم، هەمیش لەبەر ئەوەی هیچ منداڵێکم نەبووە و ویستوومە ئەو منداڵانە بکەمە منداڵی خۆم، من لەگەڵیان زۆر باش بوویمە، هەرچیان پێویست بووبێت بۆیانم دابین کردووە، کە پێشتر قەت شتی وایان بۆ دابین نەکراوە.

پێشتر هەر لە کرێچیاتیدا ژیاون، من بردوونە خانووی خۆم، ئۆتۆمبێلیان نەبوو ، من ئۆتۆمبیلم بۆ دابین کردوون، من شەو و رۆژ خەریکی کاروکاسبیم کەی دەرفەتی کاری وام هەیە، بە کورتی ئەوانە تەماحیان لە موڵك و ماڵم کردووە و دەیانەوێ تووشی فەرتەنەیەکم بکەن بۆ ئەوەی دەست بەسەر سامانەکانم دابگرن، هیچ شتێکی تر لەم شکایەتە بێ مانا و عەیبەیان نازانم، دادوەر تا درەنگانێك خەریکی پرسیارکردن و بە قسە هێنانی (س)ی تۆمەتبار بوونە کە تەواوبوو فەرمانی کرد، بۆ ماوەی (٨) رۆژ بەند بکرێت و لەگەڵ کچەکەش بنێردرێتە پزیشکی دادوەری بۆ پشکنین، دۆسییەکە گەڕێندرایەوە بنکەی پۆلیس و بۆ بەیانی (نەسرین) یان بردە پزیشکی دادوەری، لەوێ دوای پشکنین دەرکەوت کە کچە دەستدرێژی کراوەتە سەر و پەردەی کچێنی بە تەواوەتی پچڕاوە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی سکپڕی و تۆواوی پیاو لە ئارادانییە.

## دادگاییکردن و حوکمدان


دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە دۆسییەکە رەوانەی دادگای تاوان کرا و دەستکرا بە دادگاییکردنی لەوێ(نەسرین) یان بانگ کردەوە و گوتەیان لێوەرگرتەوە و هەمان قسە و شکایەتی پێشووی کردەوە.

ئەوجا دایك و براکانی و پاش هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی بەڵگەکان، گوفتاری زڕ باوکەکە(س) وەرگیرا و ئەویش هەرچی خرابووە پاڵی رەتیکردەوە ، چەندین جاری تر دادگایی کردنەکە بۆ تەواوکردنی قۆناخەکانی دادگاییکردن، دووبارە بۆوە، دواجار دادگا بڕیاری زیندانیکردنی هەتا هەتایی بۆ(س) ی زڕ باوکی (نەسرین) بڕیەوە، بەهۆی ئەوەی کە دەستدرێژی کردۆتەو سەر زڕ کچەکەی و پەردەی کچێنی پچڕاندوو(س) لە ناو هۆڵی دادگا هاواری دەکرد و بەدەنگی بەرز دەیگوت: بێ گوناهم، هیچ تاوانێکم نەکردووەتەوە؟ ئێوە بۆچی لە هیچ و خۆڕایی ژیانم بەندی نێوبەندیخانە دەکەن؟ من بە ژیانم کاری وام نەکردووە.. دوای ئەو هاتوو هاوارەی دادگا بڕیاری دا بیبەنە دەرەوە و یەکسەر بنێردرێتە بەندیخانە و دۆسییەکەش بچێتە دادگای پێداچوونەوە بۆ لێوردبوونەوەی یەکجارەکی.

## هەڵوەشاندنەوەی حوکمی زیندانی هەتا هەتایی

کە دۆسییەکە چووە دادگای پێداچوونەوە، دوای دوو مانگ دادگای پێداچوونەوە ئەم بڕیارەی دەرکرد: دوای ورد بوونەوە لە دۆسییەکە و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو بەڵگانەی کە دادگای تاوان پشتی پێبەستووە بۆ حوکم دان بەسەر تۆمەتبار(س) کە گوایە دەستدرێژی کردۆتە سەر زڕکچی خۆی، دەرکەوتووە کە ئەگەرچی راستە کچەکە پەردەی کچێنی نەماوە و ئەمەش بە راپۆرتی پزیشکی سەلمێندراوە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی جووت بوون لە رێگەی کۆمەوەی لێدیار نەکەوتووە، شایەتی شایەدەکانیش، بە گوێ لێبوون لە خودی دادخواز(نەسرین) بووە، نەك بە چاوی خۆیان کارەکەیان بینیبێ، تۆمەتباریش لە هەموو قۆناخەکانی لێکۆڵینەوە تۆمەتەکەی کە خراوەتە پاڵی رەتکردۆتەوە، بۆیە هیچ هۆیەك نییە وا لە دادگای تاوان بکات ئەو حوکمە قورسە بدات، هەربۆیە لەبەرنەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر تۆمەتبار(س) بڕیارماندا بڕیاری دادگای کەتن هەڵوەشێنینەوە و تۆمەتباریش دەمودەست ئازاد بکرێت، پاش دەرچوونی ئەو بڕیارە ، هەواڵ گەیشتە(س) و خەریك بوو لە خۆشیان باڵ بگرێت و هاوڕێکانی بەندیخانە هەموو ماچیان کردو پیرۆزباییان لێکرد، کە ئازادیش کرا و هاتە دەرەوە چۆوە ماڵەوە و دەموودەست ژنەکەی تەڵاقدا، پێی گوت چیت هەیە و بە هەقی خۆتی دەزانی لەو ماڵە بیبە و بڕۆ، ئەگەریش ناڕۆی، هەر شتێك هی من بێ دەیبەم و دەڕۆم، کابرا چی هەبوو، چی هی خۆی بوو، لۆرییەکی گرت و بە دوو سێ کرێکاران باری کردن و سەری خۆی هەڵگرت و رۆیشت.

لەبەرنەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەر تۆمەتبار(س) بڕیارماندا بڕیاری دادگای کەتن هەڵوەشێنینەوە و تۆمەتباریش دەموودەست ئازاد بکرێت



## چارەنووسی (نەسرین)؟

کە دادگای پێداچوونەوە گوتی بەڵگەی تەواو لەسەر تاوانباربوونی (س) نییە و، ئەو بڕیارە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو خێزانە هەڵبوەشێتەوە و هەر یەکەی بەلایەکدا سەرگەردان بێت، دوای ئازادبوونی (س)، (نەسرین) یش لە چاوتروکاتێکدا ون بوو، کچێکی شانزە ساڵی ، لە بەهاری تەمەنیدا کەس نەیزانی سەری خۆی بۆ کوێ هەڵگرت، ئەو پرسیارانە کە بێ وەڵام مانەوە ئەوانە بوون، ئەگەر زڕباوکەکە ئەو کارەی نەکردبێ ئەی کێ بوو دەستدرێژی کردبووە سەر(نەسرین)؟ بۆچی تاوانباری راستەقینە ئاشکرا نەبوو؟ دایك و براکانی (نەسرین) بۆچی هیچ هەڵوێستێکیان لەو کێشەیە نەبوو..؟ چارەنووسی (نەسرین) بەچی دەگات و رووی لە کوێ کرد...؟



# یادەوەرییە تاڵەکانی ژنێک

ئەم بەسەرهاتە رووداوی دەستگیرکردنی ژنێکە، کە بەهۆی ئەوەی مێردەکەی پێشمەرگە بووە، لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی سەر بە رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ دەستگیرکراوە و بۆ ماوەی سێ مانگان ئەشکەنجە و ئازار دراوە، پاشان کە کەس نازانێ بۆچی، ئازادیان کردووە.

دوای بەسەرچوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەم رووداوە ئەم ئافرەتە کە ناوی (ئامینە)یە، بە شانازییەوە حەزی بەگێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی کرد و، ئێمەش وا لەسەر زاری خۆیەوە وەك چۆن گێڕایەوە بۆمان، ئاوا دەیگێڕینەوە.

## ژیانی تەنیایی و بێ کەسی

(ئامینە) سەرەتای بە پێشمەرگەبوونی مێردەکەی و بەتەنیا مانەوەی خۆی بەمشێوەیە بۆ گێڕاینەوە و گوتی: دەمێك بوو (ناسر)ی مێردم دەیگوت دەچمە شاخ، دەمگوت باشە (ناسر) ئەدی تۆ چ فکرێکت لەو مندالآنە و لەمن نەکردۆتەوە، شاخی چی؟ ئەویش دەیگوت: ئاخر ئافرەت تازە دوو سێ هەڤاڵمان گیراوە، بەخوا ئێستا نا ئێستا منیش دەگیرێم، برادەرانیش پێیان گوتووم تا زووە خۆت بگەیەنە لای ئێمە، پێم گوت ئەی ئێمە؟ گوتی ماوەیەك دەچمە ئەوێ، ئەگەر شوێنێکی ئارامم پەیدا کرد بەدواتان دەنێرم و ئێوەش وەرنە ئەوێ، بەڵام جارێ هەر بەتەنیا دەچم و با تازووە لەبەرچاوان ون بم و(ئەمن) ئێرەش پێنەزانن.

بەهەرحاڵ لەسەر رۆیشتنی ئەو بۆ ناو پێشمەرگایەتی رێکەوتین و من بەتەنیا لەگەڵ منداڵەکانم ماینەوە، هەفتەی جارێك دوان دەچوومە ماڵی خەسووم و دوو سێ رۆژانیش دەچوومە ماڵی باوکم، باوکم بۆ من پشت وپەنایەکی گەورە بوو، هەموو جارێ دەمگووت تا باوکم مابێ من بێ پشت وپەنا نیم، هەروەها برایەکانیشم وەها بوون، چەند مانگێك بەسەر رۆیشتنی ناسردا رەتبوو، هیچ هەواڵێکی نەبوو، خەریکبوو شێت دەبووم، نەمدەزانی هەواڵی چییە، ماوە، کوژراوە، بریندارە، ونە...تد

هیچ سەروسۆراغێکی نەبوو، لەپڕ شەوێك، نزیکەی کاتژمێر (٣)ی بەیانی دەبوو، بە هێواشی لەدەرگا درا و دەنگی پیاوێك بانگی دەکردم (ئامینە، ئامینە)، بە دەنگەکە بە ئاگا هاتم، سەد ختوکەش بەمێشکمدا دەهات: خوایە، بەم نیوەشەوە دەبێ ئەوە کێ بێ، ئەوە دەنگی کێیە...؟ لە دەرگاکە نزیك بوومەوە، گوتم: کێیە دەنگەکە گوتی: منم، گوتم: تۆ کێی کابرا، ناتناسم... دەنگەکە گوتی: ئامینە دەرگا بکەوە،(ناسر)م کەوایگوت خۆشم نەمزانی دەرگام چۆن چۆنی کردەوە، هەر لەناو دەرگا باوەشمان بەیەکدا کرد، تا نزیکەی(٥)ی بەیانی لەگەڵ یەك ماینەوە و دواجار منداڵەکانی بەهێمنی ماچ کرد و بڕیاربوو مانگی داهاتوو بە منداڵەوە بچمە گوندێکی ئازادکراوی ناو چیا کە دوورە لە ژێر دەسەڵاتی رژێم، ئینجا هەندێ قسەی تری لەگەڵم کرد و هەر بەو شەوە ماڵئاوایی لێکردین و رۆیشتەوە.

## ترس و نیگەرانییەکی بێ ئەندازە

دوای ئەوەی بەو نیوەشەوە دەرگاکەم کلۆمدا و گەڕامەوە ژووری منداڵەکانم، ترس و دڵەڕاوکێیەکی توند بەربینگی گرتم، هەرچەندە بەو درەنگە ئەوە زۆرم حەز دەکرد سەرخەوێك بشکێنم، بەڵام مۆتەکەی ترس خەوی لێزڕاندبووم و نەشمدەزانی لەچی و لەکێ دەترسم، ئەوە نەبێ هەستم دەکرد لە چاوەڕوانی ڕووداوێکی دڵتەزێن دام، دەمێك بەو بیروهۆش ئاڵۆزاوییەوە لە تەنیشت منداڵەکانم لێبڕاکشام و عەیامێك ئاگام لەخۆم نەما، ئەوەندەم زانی بەدەنگی لە دەرگادانێکی بەهێز بەئاگا هاتم و چاوم کردەوە، کە سەیری کاتژمێری ماڵەوەم کرد دەبینم لە(٩)ی بەیانی لایداوە و منیش وامزانی تازە بۆرژاوم.

کە لە جێگاکەم هەڵسامەوە، هەستم بەداهێزرانی لەشم کرد و بەو بێ هێزی و بێ شەنگییەوە دەرگام کردەوە، بینیم ژنێکی خزمی مێردەکەم بوو کە ناوی (دولبەر) بوو ئەوانیش ماڵیان هەر لەکۆڵانەکەی خۆمان نزیك بوو، یەکسەر بێ سڵاوکردن پێی گوتم: کچێ هەش بەسەر ئەو هەواڵە چییە لەگەڕەك بڵاوبۆتەوە گوتم: هەواڵی چی، باسی چی دەکەی؟ گوتی: چۆن هەواڵی چی! بۆخۆت لە گێلی دەدەی و خۆت لێ نەبان دەکەی...! دەڵێن گوایە ئەمشەو(ناسر)ی مێردت هاتۆتەوە ماڵەوە، ئیدی کە قسەکەیم بیست دەنگی جیڕەی دەرگاکەی شەوم بەبیرداهاتەوە کە (ناسر) کاتێك ڕۆیی خواحافیزی لێکردم، یەکێ لە جیرانەکانم هەستم کرد لە کەلێنی دەرگاوە چاودێری دەکردین و ئێمەی بینی، ئەوسا زانیم ئیدی لە چاوەڕوانی کارەسات دام و مەگەر هەر خودا بە خۆشی بزانێ چ ڕۆژە ڕەشێك چاوەڕێم دەکات.

## چوونە ماڵی باوك

(ئامینە) درێژە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی دەدات و دەڵێ: کە قسەکەم لە(دولبەر) بیست، نەمهێشت هەست بە شڵەژان و ترسم بکات، پێم گوت: شتی وانییە و(ناسر)یش چوویتە جنوب ئیش دەکات و هەینی دابێ دەگەڕێتەوە، ئەو درۆیەش کە بڵاوبۆتەوە لە هەر کێ و کەسێکت بیست، بەدرۆی بخەرەوە، با بەقسەوقسەلۆکی خەڵکی سەرمان تیانەچێت.

کە ڕۆیشت بیرم کردەوە چی بکەم، ئاخیرەکەی بڕیارمدا بچمە ماڵی باوکم، بۆ ئەمە جلی منداڵەکانم کۆکردەوە و دەرگاوبانم کلیل دا و چوومە ماڵی باوکم و سەرەتا مەسەلەکەم بەدایکم گوت، دایکیشم خوا چاکی بۆ بێنێ، چ قسەیەکی خۆشی لەزاری نەهاتە دەرەوە، لە جیاتی ئەوەی دڵم بداتەوە و ورەم بەرز بکاتەوە و ڕێگە چارەیەکم نیشان بدات، کەچی بەقسە ڕەق و ناخۆش و سەرزەنشتەکانی هێندەی دیکە باری سەرشانی گران کردم و خەم و خەفەتی دڵی زیاتر کردم، بۆیە بەو قسە ناخۆشانەی دایکم دامە پڕمەی گریان، ئەوەندەی پێنەچوو باوکم ئەو ڕۆژە نیوەڕۆ تۆزێك زووتر گەڕایەوە کە سەیری کردم زانی باری دەروونیم تەواو نییە و کێشەیەکم هەیە، هەر زوو لێی پرسیم کچم (ئامینە) چییە، بۆچی وا شڵەژاو و لێوبەبار دیاری، هیچ بووە؟ گوتم بابە دوێنێ شەو (ناسر) لەبەر غەریبی منداڵەکان بەنهێنی بۆ چەند کاتژمێرێك سەری بەماڵداکرد و منداڵەکانی ماچ کرد و هەر بەشەویش ڕۆیشتەوە، ئەمڕۆش بەیانی دولبەر هاتە ماڵێ و گوتی: دەنگوباسی هاتنەوەی مێردەکەت بەنیوەشەو و بەنهێنی و دووبارە گەڕانەوەی بۆ شاخ لەناو گەڕەك بڵاوبۆتەوە.. بابم پیاوێکی دەوڵەمەندی چاوتێر و خاوەن کەسایەتییەکی هێمن و بەهێز و دنیادیدەش بوو، وەختی خۆشی لەگەنجێتی خۆیدا لە خزمەت شۆڕشی ئەیلولدا بوو، چەند ساڵ پێشمەرگایەتی کردبوو، بۆیە لەبارودۆخی من تێدەگەیشت، جگە لەوەش وەك گوتم پیاوێکی دڵگەورە و میهرەبان بوو، پێی گوتم: کچم خۆ کەس نەیزانیوە هاتویتە ئێرە؟ گوتم: نەخێر گوتی: ئەوجا دەتەوێ چی بکەی؟ گوتم: نازانم سەرم لێشێواوە، گوتی: کچم سەرت لێنەشێوێ و هیچیش مەترسە.. دوو سێ ڕۆژان لێرەبە، پاشان ماڵی خەزوورت ئاگادار بکەوە ئەوجا، بەدزی بڕۆوە ماڵی خۆتان کەلوپەلی پێویستت و جلوبەرگی خۆت و منداڵەکانیشت بێنە، جا ئەگەر ئێرە بۆت سەلامەت و ئەمین بوو، لێرە بمێنەوە و شەوێك بە نهێنی، براکانت با ماڵەکەت بێننە ئێرە، ئەگەر ئێرەش سەلامەت نەبوو، لە شوێنێکی ئەمین خانووت بۆ دەگرم و با برایەکت لەگەڵت دابنیشێ و ئاگای لێت بێت و خۆشم بەخێوتان دەکەم و هەرچی خەرجی و پێویستیشت هەبوو بۆتی دابین دەکەم، ئەگەر حەزت کرد با هەر(چالاك)ی برات لات بێت و ئاگای لێت بێت.. کە باوکم ئەو قسانەی تەواوکرد دایکم خەریکبوو ببۆڵێنێ و گوتی: کوڕە پیاوەکە، ئەوە ئەتو دەڵێی چی وەمەکە لەنێوچەوانی (ناسر) ئێمەش سەرمان تیابچێ، خەریکبوو بیکاتە هەقایەت و لەبن گوێی باوکم بخوێنێ، بەڵام بابم هەر زوو نەیهێشت درێژەی بداتێ و تەواوی بکات، پێی گوت: ئافرەت ئەو قسانە چییە دەیکەی،(ناسر)ی چی سەرتێچوونی چی، ئەوە کچتە کچ، ئەورۆ لێی قەوماوە، ئەگەر هانا بۆ دایکی نەبا بۆ کێی ببا، نازانی ئەوە ئەگەر بکەوێتە دەست ئەو(ئەمن)ە، پیس و دڕندانە چی لێدەکەن!؟ ئەوجا جارێکی تر ئەو قسانەم گوێ لێنەبێ، دایکیشم هەر زوو بڕییەوە.

## ئەمجارە پرتە وبۆڵەی خەسوو

(ئامینە) بەردەوام دەبێ لەسەر گێڕانەوەی ئەو کاتە پڕ لە دڵەڕاوکێ و ناخۆشانەمی ئەو کاتی کە دووچاری ببۆوە و دەڵێ: پاش دوو سێ ڕۆژان چوومە ماڵی خەزوورم و مەسەلەکەم بۆ خەسووکم گێڕایەوە، کەچی لەسەر هەموو دەردان پێی گوتم: ئاخیری ڕۆژێك دێت سەری ئەو کوڕەمان بەفەتارەت دەدەی ئاخر ئەگەر تۆ سەری نەکیە سەری و هێندە هەواڵی بۆ نەنێری کە بێتەوە ئەویش بەو درەنگەشەوە، بەو دنیاکاول بوونە نەدەهاتەوە، بۆیە هاتنەوەی ئەو لە سۆنگەی تۆوەیە، ئینجا هەر ڕۆژێکت دیت ئێمەشیان ڕاپێچی کونجی زیندان و ئەشکەنجەدان کرد.. کە ئەو قسانەم لەخەسووم بیست خەریکبوو بتەقم، من لەچ حاڵێکدام و ئەویش چیم پێدەڵێ گوتم: مامۆژن مەگەر نازانی من لە چ دۆخێکدام، بۆچی من دەچم بەو حوکمەتە گۆڕبەگۆڕە دەڵێم، ئەوە مێردم پێشمەرگەیە و ئێوەش وەرن بیگرن، پاش قەدەرێ قسە و مشتومڕ کردن، عەبام بەسەر سەردادا و چوومەوە ماڵی باوکم، بۆ ئێوارەکەی خەزووریشم هاتە ماڵی باوکم و باسەکەی لەگەڵ باوکم کردەوە... سەرەتا پێی وابوو من زمان درێژیم بەرامبەر بە خەسووم کردووە، منیش کە بۆم ڕوونکردەوە، ئیتر ناهەقی نەگرتم و گوتی: کچم تۆزێك ئارامت هەبێ، تاخوا لایەك بەلایەکی دەکات، خۆجارێ هیچ نەبووە، تۆ وا شپرزە و ترس و سام گرتووتی بەهەرحاڵ دواجار باوکم هاتە ناو باسەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکەی بە خەزوورم گوت و هەردوولاش بیرۆکەکەیان پێ باش بوو.

## دەستگیرکردن

هەفتەیەك دەبوو لەماڵی باوکم بووم، ئێوارەیەك ڕۆژی پێنج شەممە بوو، باوکم هاتەوە، دوای نانخواردنی ئێوارە و تۆزێك حەسانەوە گوتی: کچم ئامینە بەیانی هەینییە و ڕۆژێکی سەلامەتە، دەوامی فەرمانگەکان نییە، ئەگەر چاودێری و مەترسیشت لەسەر هەبێ لەو ڕۆژانەدا زۆر کەمترە، جا ئەگەر بۆخۆت پێتخۆشە ئەوا بڕۆ

**بەبێ هێزی و بێ شەنگییەوە دەرگاکەم کردەوە، بینیم ژنێکی خزمی مێردەکەمە، بێ سڵاوکردن پێی گوتم: کچێ هەش بەسەر ئەو هەواڵە چییە بڵاو بۆتەوە؟**




●●●
**ئەو رۆژە پاش کاتژمێر و نیوێک ئەوجا ماڵی باوکم دیتەوە، کە چوومە بەردەرگا و دایکم دەرگای لێکردمەوە، نەیناسیمەوە.**
●●●

هەرچی کەلوپەلی پێویستت هەیە هی خۆت و هی منداڵەکانت بیانهێنە و شەویش با براکانت، بە ئۆتۆمبیلێك ماڵەکەت بۆ باربکەن و بیهێننە ئێرە، ئەگەر ناشتەوێ بۆخۆت بچی با(چالاك) بڕوا و کلیلی دەرگای بدەرێ و شوێنی کەلوپەلەکانی پێ بڵێ با بیانهێنێ، منیش گوتم: نا بابە، بۆخۆم دەچم باشترە، با کەسیش گومان نەکات، ئیدی بۆ بەیانی چێشتەنگاو خۆم سازکرد و بە تەنیا لە ماڵی باوکم دەرچووم و بەتاکسیەك هەتا نزیك ماڵی خۆمان رۆیشتم و لەسەری گەڕەك دابەزیم، پاش ئەوەی سەیری کۆڵان و ئەملا وئەولام کرد، هەستم بەهیچ شتێکی غەریب نەکرد، وردەوردە شۆڕبوومەوە هەتا گەیشتمە نزیك ماڵ، کلیلەکەم لە جانتاکەم دەرهێنا و گەیشتمە بەردەرگا، کلیلەکەم لە کیلۆنەکە راکرد و بامدا بیکەمەوە، ئا لەو ساتەدا هەر هێندەم زانی وەك ئەوەی بروسك لێمبدات دەستێکی رەش توونــد دەستی گرتم و کلیلەکەی لێساندم و بەعەرەبی پێی گوتم:(بعدوگت، تعالی ویانا) تامن ئاوڕم دایەوە یەکێکی تریش لێمپەیدابوو ئۆتۆمبیلێکی تاکسیش لەبەردەمم قیت بۆوە بەپەلە پەل و پاڵ پێوەنان خستمیانە ناو ئۆتۆمبیلەکە و دەستیان لەسەر دەمم دانا و ئەوەی تەنیشتم کە زەلامێکی چوارشانەی رەشی ناشرین و ترسناك بوو، کابرایەکی گەلێك بەهێز بوو، شەقەزللەیەکی توندی تێسرەواندم و بە پەڕۆکێکی رەشیش هەردووچاوی بەستمەوە، دوای نیو کاتژمێر رۆیشتن بردمیانە شوێنێك و دایانبەزاندم و لە ژوورێکی یەك مەترونیوی چوار گۆشە بەندیان کردم، نزیکەی سێ مانگان، من هەر لەو ژوورە بەدەستبەسەری مامەوە، دوو مانگی رەبەق ئەشکەنجە و ئازاردرام، رۆژێك نا رۆژێکیش لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن بوو لێم، من هەر لەسەرەتاوە تا ئاخیرییەکەی گوتم: پیاوەکەم منی بەجێهێشتووە و تەڵاقی داوم نازانم بۆکوێ چووە و چی دەکات و شوێنی لەکوێیە، ئەوە قسەی یەکەم و کۆتاییم بوو.

دوای دوو مانگەکە، لێدان و ئەشکەنجەدانم کەمبۆوە، پاشان دوای سێ مانگ، بەیانییەك چاویان بەستمەوە و سواری ئۆتۆمبیلێکیان کردم و لە شوێنێکی تر دایانبەزاندم و سواری تەکسییەکیان کردم و بردمیانە گەڕەکێك و هێنامیانە خوارەوە و پێیان گوتم: ئێستا لێرە دێیتە خوارەوە و ئاوڕ نادەیتەوە تا ئێمە دەڕۆین، چیان گوت وامکرد دوای چارەگە کاتژمێرێك ئینجا ئاوڕم دایەوە ئەوان نەمابوون ئەو رۆژە پاش کاتژمێرێك ونیو ئەوجا ماڵی باوکمم دیتەوە، کە چوومە بەردەرگا و دایکم دەرگای لێکردمەوە نەیناسیمەوە، بەهەرحاڵ پاش سێ چوار رۆژ و ئاگادارکردنەوەی (ناسر) بە مەسەلەکە، بەشەو من و منداڵەکانمی گواستەوە بۆ شاخ و شارمان بەجێهێشت.

# خەمەکانی کوڕێک بەدەست باوکێکی دڵڕەقەوە

هەموو مرۆڤێك كاتێك لەدایك دەبێت چارەنوسێك پێشوازی لێدەكات كە بەبێ خواستی ئەو مرۆڤە هەنگاو دەنێت، پێناچێت لەهەموو چركەساتەكاندا پێش هاتەكان بەپۆزەتیڤی بۆمان بێتە پێشەوە، بیستومانە لەم كۆمەڵگەیەدا زۆربەی كات رەگەزی مێ توشی گرفت و نەهامەتی بۆتەوە بەڵام چیرۆكی ئەم جارەمان تەواو پێچەوانەوەی چیرۆكەكانی ترمانە كە باسی نەگبەتیەكانی كچێك یان ژنێكی دەكرد.. (ئاراس) یەكێكە لەو كەسانەی كەلەهەندەران دەژی بۆ كەمكردنەوەی خەمەكانی حەزی كرد چیرۆكی ژیانی خۆیمان بۆ باس بكات، هەروەك خۆی ئاماژەی پێكرد ((بۆ رەوینەوەی خەمەكانم باس لەگرفتەكانی ژیانی تایبەتی خۆم دەكەم)) بێگومان بە باسكردنی كێشەكەی ئێمەشی بەرەو دنیای پر لەفرمێسك ودڵتەنگی برد، ئاراس بەم جۆرە دەدوێت: من هەروەك دایكم باسی دەكرد لەرۆژێكدا لەدایكبووم كە بەفرو سەرمایەك بووە لەوانەیەرۆژی بەوشێوە ساردو ناخۆشە لەو جۆرە دووبارە نەبێتەوە. باوكم لەخێزانێكی دەوڵەمەندی ئەم شارە گەورەببوو، بۆیە كاتێك دایكمی هێنابوو خانوویەكی وەك دیاری پێشكەش كردووە و كردویەتی بە ناوی دایكمەوە، پاش ساڵێك لەزەماوەندكردنیان خوای گەورە كچێكیان دەداتێ و بۆچەند ساڵی دواتریش خوای



گەورە منیان پێدەبەخشــێت (منێك کە هەموو ژیانم پڕاوپڕە لەخەم و ناخۆشـــی )بەهەرحاڵ من لەپۆلی شەشی سەرەتایی بووم کاتێك ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١) دەستی پێکرد هەموومان وەك خەڵکی ئەم کوردستانە بۆ پاراستنی ژیانمان ئاوارەبووین و رووومان کردە ناوچەی شـــاربازێر، ئەو کاتە دایکم تووشی نەخۆشـــیەکی سەخت ببوو کە گورچیلە ی گرتبۆوە، ئاوهەوای ئەوکاتەش زیاتر کاریگەری لەسەر هەبوو،ڕۆژ بەڕۆژ تەندروســـتی بەرەوخراپتر دەڕۆیشت تاوای لێهات تەواو هیلاکی کرد، باوکیشم نەیدەزانی چۆن چارەسەری بکات، بەو دەردە ســـەرییە گەیشتینە سنوور و لەوێدا خەڵك بەسیم دەپەرینە ئەو بەرە بۆ وڵاتی ئێران، بینیمان خەڵکێکی زۆر وەســـتاون و چاوەڕێی پەرینەوە دەکەن و خەڵکی لەبەر پەڕینەوە و نارەحەتی خۆیان چەندین جار تووشی شـــەڕ دەبوونەوە، باوکم هەوڵی زۆریدا بەڵام بێ سوود بوو، بـــۆ پەرینەوەی خۆمان باوکم بڕە پارەیەکی زۆریدا بەپیاوێك و ئێمەی پەڕاندەوە.

کاتێـــك چووینە ئێـــران، باوکم دەســـتوبرد دایکمـــی گەیاندە نەخۆشـــخانەیەك. پـــاش مانـــەوەی بۆماوەی چەنـــد ڕۆژێك لەو نەخۆشـــخانەیە کەمێك تەندروستی باشـــتر بوو، بەڵام لەبەرئەوەی درەنگ فریای چارەســـەر کردن ببوو زۆر بەداخەوە دوای چەشتنی ئازارێکی زۆر دایکم گورچیلەکانی ئاوسا بوون و هەربەو نەخۆشیە لەئێران کۆچی دوایی کرد.

پـــاش مانەوەمان لەئێران، ئێمەش وەك خەڵکی تر بۆ کورســـتان گەڕاینـــەوە، دوای چەند مانگێك باوکم بیـــری لەژنهێنان کردەوە، ئەوە بوو کچێکی مامی خۆی مارە کرد. ئیتر لێرەوە داماوی من و خوشکەکەم دەستی پێکرد، ئەو کات من لەپۆلی یەکی ناوەندی بووم کە هێشـــتا چاکەو خراپەی خۆمم لەیەکتر جیانەدەکردەوە کە ڕۆژانە توشی ئەو هەموو خەمە دەبوومەوە. باوکم کە ژنی هێنا لەبەرچاوی ئێمە پێی گووت دەبێت ئەم دوو منداڵە وەك منداڵی خۆت سەیریان بکەیت و بەئێمەشـــی گووت دەبێت پێی بڵێن دایە.!!! وا هەســـتی دەکرد بەمە سۆزوخۆشەویســـتی لەنێوانماندا چەکەرە دەکات، نازانم بۆچی پەی بەوە نەدەبرد خۆشەویستی دایك لەچ کەسێکدا دروست دەبێتەوە؟

هەفتەیەکی نەخایاند بەســـەرهاتنی ئەو ژنـــە بۆماڵمان دوای چوونە دەرەوەی باوکم لێمان تورە دەبوو و ئیشی پێدەکردین، چەندین جار لەسەرئەوەی بەگوێمان نەدەکرد داغی دەکردین. ئێمە ئەم گرفت و لێدانەمـــان بـــۆ باوکم باس نەئەکرد، بەڵام پـــاش ماوەیەکی زۆر بۆمان باسکرد، چونکە باوەژن پێی گووتبووین بەهیچ شێوەیەك لای باوکمان قسە نەکەین ئەگەرنا زیاترتان لێدەدەم، ئێمەش لەترسی ئەوە نەدەوێراین پێی بڵێین. تا ڕۆژێك پێمان گووت و ئەویش تورە بوو و زۆریشی لە ئێمە دا، هەموو چارەسەرکردنی باوکم بۆ ئەم مەسەلەیە (ڕێناس)خوشـــکم بدات بەشوو، بەراستی (ڕێناس) ی خوشکم زۆر منداڵ بوو باوکم بیری لەوەکردەوە کە بیدات بەشوو بۆئەوەی لەماڵ دووری بخاتەوە، ڕێناسی دا بە برازایەکی خۆی، منیش هەرلەدوای ئەوە شوێنم لەو ماڵەدا لەق بوو، هەر ڕۆژەی بەبیانوویەك باوەژنەکەم لێی دەدام تاوای لێهات باوکیشـــم کەوتە لێدانی من. دوای چەندین جار دەرکـــردن و هاتنەوەم بۆ ماڵ هەمووی بێســـوود بوو.. باوکم لەمەکتەب دەری هێنام و کاری پێدەکردم شەوانیش کە دەڕۆیشتمەوە، باوەژنەکەم بەبیانووی ئەوەی گوایە من شەرم دەکەم بەجیا خواردنی بۆ دادەنام و نەیدەهێشـــت لەگەڵیاندا نـــان بخۆم، ڕۆژێك باوکم پێی گووتم بچم بۆ بازاڕ شت بۆ باوەژنەکەم بکڕم منیش نەمتوانی بچم، چونکە نەخـــۆش بووم، باوکم زۆر تورە بـــوو، بڕیاریدا لەماڵ دەرم بکات لەوکاتەوە تا ئێستا نەچوومەتەوە ماڵەوە و تا دوو سێ ساڵیش هەر لەســـەر جادە دەخەوتم لەدوای ئەوە پەنام بردە بەر ماڵی خاڵێکم و ئەویـــش ڕازی بوو کە بچمە ماڵیان. خزمەکانمان نەیاندەزانی من لەماڵ دەرکراوم، پەیوەندیم بەکەســـیانەوە نەکرد تا باری تەندروستیم زۆر شێوا و نەمتوانی خزمەتی خۆم بکەم. پاش ماوەیەك تەندروستیم بەرەوباشتر ڕۆیشت و ویستم جارێکی تر ماڵی خاڵم بەجێ بهێڵم بەڵام خاڵـــم بەهیچ جۆرێك ڕازی نەبوو من کاری وا ئەنجام بدەم، تەنانەت لەســـەر ئەوەش ڕازی نەبوو کە لەبەرامبەر ئـــەو ڕەفتارەی باوکمدا گفتوگـــۆی لەگەڵدا بکات تا ڕێگە بدات مـــن بچمەوە ئەو ماڵە، چونکە دەیزانی سودی نابێت.

بۆماوەی هەشـــت تا دە مانگ کارم کرد، توانیم پاشـــکەوتێکی کەم بۆ خۆم بنیات بنێم، (شـــێروان)ی خاڵم نزیکەی (١٥) ســـاڵ لـــەدەرەوە بوو، بۆیـــە هانی دام کە منیش بیر لـــە دەرەوە بکەمەوە، شـــیروان زۆر یارمەتی دام تا گەیشـــتمە وڵاتی بەریتانیا. ڕاســـتە ئازارو مەینەتی زۆرم چەشـــت تا گەیشتمە دەرەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا بەهەرشـــێوەیەك بێت ڕزگارم بوو، ئێستا لە بەریتانیا ژیان بەسەر دەبـــەم و لەگەڵ ئەو هەموو خراپەی باوکـــم و ژنەکەی لەگەڵیاندا کردم تا ئێســـتاش بۆ چەندین جـــار پەیوەندیم پێیانەوە کردووە، بەڵام ئامادەیی ئەوەیان تێدانییە وەڵامم بدەنەوە، ســـەرەڕای هەموو شتێك باوکم هەرچی لەسەروەت و ســـامان هەیەتی بەناوی باوەژنەکەمی کردووە ڕاســـتە دوورم لەکوردستان بەڵام بە ڕوح و هەست هەر لەوێم، شەو و ڕۆژ ئەم خەمە بەرۆکم بەرنادات و لەگەڵمدا دەژی، چەندین جار ویســـتومە کۆتایی بەژیانم بهێنم، دواجار پەشیمان بوومەتەوە، دەپرسم تۆ بڵێی باوکێکی لەم چەشنە بوونی هەبێت؟

بۆ قســـەکردن لەســـەر گرفتەکانی (ئاراس) (نەوزاد کریم)ی توێـــژەری کۆمەڵایەتی بەم شـــێوەیە بۆمان هاتە قســـە:ژیانی ئـــاراس نمونەی چەندەها گەنجی ئەم کۆمەڵگەیە، ئاراس بۆئەوە چۆتە دەرەوەی وڵات تا کەمێك لەخەمەکانی ســـارێژ بێت، بەڵام کاریگەری ئـــەو گرفتانە ئەوەندە زۆرە تا ئێســـتا ڕەنگدانەوەی لەســـەر بیرکردنەوە و ڕەفتاریدا هەیە.دەبێت مرۆڤ ئەوەندە خۆی تەســـلیم بەگرفتەکان نەکات چونکە هەریەکێك لەئێمە بەشێوەیەك لەشـــێوەکان گرفتـــی خێزانیمـــان هەیە، لەڕووی ئابـــووری یان کۆمەڵایەتـــی و چەندین بواری تر، ئەمانـــە نابنە هۆی ئەوەی کەلـــەڕووی دەروونەوە بمان ڕوخێنێت، مـــرۆڤ دەبێت ئیرادەی زۆر بەهێـــز بێت و ڕۆحی بەرەنگاربوونـــەوەی تێدابێ، بەتایبەتی کەســـێکی وەك ئاراس کە لەدەرەوەی وڵاتیشـــە، ژانسی زیاتری لەبەردەمدایە، پێدەچێت چەندین گەنج لەو خراپتر ژیان بگوزەرێنن، بەڵام ئەوەی ئاراس کردوویەتی بەباسکردنی بابەتەکەی کارێکی زۆرباشـــی کردووە، چونکە دەربڕینی هەســـت و گرفتەکانی ناو دەروون خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکە بۆ ڕەوینەوە و چارەسەرکردن، بە ئاراس دەڵێم بەردەوام بە لەپەیوەندی کردن لەگەڵ باوکتدا ڕۆژێك هەر وەڵامت دەداتەوە و دەگاتە قەناعەتێك و پەشیمان دەبێتەوە لەو هەڵانەی کەلەبەرامبەر تۆ و خوشکەکەتدا کردوویەتی.

●●●

**شەو و ڕۆژ ئەو خەمە بەرۆکم بەرنادات و لەگەڵم دەژی، زۆر جار بیرم دەکردەوە لەخۆم دەپرسی، تۆ بڵێی باوکێکی لەو چەشنە دڵڕەق و بێ ویژدان بوونی هەبێت؟**

●●●

●●●

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: هەموو کەسێک بەشێوەیەک لە شێوەکان گرفتی هەیە، بەڵام نابێ ئەو گرفتانە ببنە هۆکاری ڕووخان و بێ دەسەڵاتبوونمان، پێویستە بەئیرادەو ڕۆحی بەرەنگاربوونەوە ڕووبەڕووی ئاریشەو کێشەکانی ژیان ببینەوە**

●●●

# ئەو ئافرەتەی هەڵەی پێشووی دووبارە کردەوە



**کە(ج) نیازی ژنهێنانی دووەم بە دایک و باوکی دەڵێت، ئەوان بە توندی نارازی بوونی خۆیان دەردەبڕن و دەڵێن: تۆ خاوەنی ٣ منداڵی و خانووت بە کرێیە چۆن بیر لە ژنی دووەم دەکەیتەوە؟**

**ئەو ئافرەتە پێش لەوەی بیر لە پەیوەندی دانان لەگەڵ(ج) بکاتەوە، دەبوایە هەوڵی تۆمارکردنی سکاڵا دژی ئەو کورە بدات کە بەهۆیەوە ماڵی جێهێشت، بەڵام بەداخەوە وادیارە سوودی لە هەڵەکەی پێشووی وەرنەگرت و کەوتە داوی هەڵەیەکی دیکەوە**

گەلێ جار مرۆڤ کە گوێبیستی هەندێ لە رووداوەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایە دەبێت لە ئاستییاندا خۆی پێ راناگیرێ و حەزدەکات بەر هەر جۆرێك بێت بچێتە نێو بنجوو نێوەڕۆکی بەسەرهاتەکانەوە، بەتایبەتی ئێمەی رۆژنامەنووس کە هەردەم دەمانەوێت بەدوای راستییەکاندا بگەڕێین و بۆ خوێنەرانی بگوازینەوە و وەك هێلکەیەکی پاککراو بیخەینە بەردەستیان، دیارە لە زۆرکات و ساتدا پەنجەی تاوان و تاوانبارکردن بۆ پیاوان درێژ دەکرێت، کە ئەوان لە نێو کۆمەڵگادا پلەیەك تاوانبارن، بەڵام من بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ لەو کەسانەم و پێم وایە هەردوو رەگەز لە کۆمەڵگا بەرامبەر بەم و رووداوانە تاوانبارە ، چونکە هەر وەکو دەڵێن چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت تاوانیش بە رەگەزێك ئەنجام نادرێت، بۆیە دەبێت لە ئەنجامدانی هەر کارێك ئەقڵ و بیر بەکاربهێندرێت، بۆ ئەوەی نەکەوینە نێو ئاریشەیەك کە دەربازبوون لێی زۆر زەحمەت بێت و لێرەدا پەشیمانی دادنادات، دیارە من ئەو قسانەم هەروا نەهێناوەتەوە، ماوەیەك لەمەوپێش لە نێو خزم کەسەکانی باوکم مقۆمقۆیەك هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوەندە هامۆشۆیان ناکەین، بۆیە راستی بەسەرهاتەکەمان نەدەزانی، تا وایلێهات ئەم مەسەلەیە لای کەسانی دیکەش باس دەکرا، ئەویش گوایە (ج) ی تەمەن(٢٨) ساڵان گیراوە و ئێستا لە بەندیخانەدا دەست بەسەرە،(ج) ، خاوەن خێزانە و سێ کچی هەیە و ئەوەی من بزانم کچەکانیشی کەمێك ئیفلیج و کەم ئەندامن ،(ج) ئەوە چەند ساڵە پۆلیسە ماوەیەکیشە لە سەنتەری(.....) کار دەکات، بۆ وارێك ناکەوێت ئافرەتێك لە کاتی ژوانا لەگەڵ کەسێك لە ماڵی باوکی ئەو ئافرەتەوە دەبیندرێت و ئەو کات پیاوەکە رادەکات و ئافرەتەکەش لە ترسی هەڕەشەی خانەوادەکەی بە هەمان شێوە رادەکات بۆ بنکەی توندوتیژی ئافرەتان و دوای وەرگرتنی وتەکانی رەوانەی سەنتەری(....) دەکرێت کە (ج)ی پۆلیسیش ئیشی لەوێیە پاش ماوەیەك پەیوەندی لە نێوانیان دروست دەبێت و دەگاتە رادەی ئەوەی کەوا(ج) م وەعدی هێنان بەو ئافرەتە دەدات و ئەو مەوزوعەش لە ماڵێ لای دایك و باوکیشی دەکاتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی(ج) کرێچی دەبێت و باوکی سێ منداڵیشە و مووچەکەی تەنیا بەشی کرێ گرتنی ژوورێك دەکات، بۆیە دایك و باوکی بەو ژنهێنانەی رازی نابن و ئەویش کاتێ ئەم هەواڵە بەو ئافرەتە رادەگەیەنێت تووڕە دەبێت و سکاڵای دژی(ج) تۆمار دەکات کە گوایە سووکایەتی پێکردووە، بۆیە هەردوو لا واتە(ج) و ئافرەتەکە رووبەڕووی یەکتر دەکرێنەوە و هەردووکیان دان بەو پەیوەندییە دەنێن. دادگا بڕیاری بەندکردنی(ج) دەدات، بەڵام دوایی و بەهەر جۆرێ بێت ئەو ئافرەتەکە ناوی (ئە،ج) دەبێت رازی دەکەن، بۆ ئەوەی لە داوای خۆی پەشیمان بێتەوە ئەویش لە بنکەی پۆلیسی(...) لە داواکەی خۆی خۆش دەبێت و ئەوکات(ج) بە کەفالەت بەردەبێت، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی کەوا ئێمە وەرمان گرتووە، دادوەر ئەم بڕیارەی تەمیزکردۆتەوە و ئێمەش چاوەڕوانی رۆژی دادگایی و هۆکاری تەمیزکردنەوە دەکەین.

مرۆڤ کە هەڵەیەك دەکات پێویستە سوود لەو هەڵانە بۆ دووبارە نەبوونەوە وەربگرێت، نەوەکو ئامادەبێ بۆ دووبارە کردنەوەی هەمان هەڵەی پێشوو کەوا بە دڵنیاییەوە بەرەو هەڵدێرمان دەبات ژیانیان لێ دەکاتە دۆزەخێکی هەمیشەیی و بێ کۆتایی.

بۆیە پێویست بوو(ئە) بە هیچ جۆرێ ئەم هەڵەی پێشووی دووبارە نەکردبایەوە و سوودی لە هەڵەی پێشووی وەربگرتبایە، نەوەکو لە کاتی چوون بۆ سەنتەری (...) هەوڵبدات پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا دروست بکات و هەمان هەڵسوکەوتی پێشووی بۆ دووبارە بێتەوە و دواتر سکاڵا دژی ئەم پیاوە تۆمار بکات، دەبوایە(ئە) پێش ئەوەی سکاڵا دژی(ج)، تۆمار بکات کە گوایە وەعدی هێنانی پێداوە پێویست بوو سکاڵا دژی ئەو پیاوە، تۆمار بکردایە کەوا پێشتر پەیوەندی لەگەڵدا هەبوو، چونکە ئەو بووە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی(ئە) ی بێتە ئەم شوێنە و بەمجۆرە ژیانی لێ بشێوێت.

(ج) منیش بەر لەوەی بیر لە پەیوەندیەکی لەو جۆرە بکردابایەوە دەبوایە ماڵ و منداڵەکانی هاتبا پێش چاو و تەقدیری وەزعی ئابووری خۆشی بکردبا.